قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو ئاگرێک لە خاکی حیجازەوە دەردەچێت؛ ڕۆشناییەکەی (دەگاتە) ملی وشترەکان لە بوسڕا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو ئاگرێک لە خاکی حیجازەوە دەردەچێت؛ ڕۆشناییەکەی (دەگاتە) ملی وشترەکان لە بوسڕا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو ئاگرێک لە خاکی حیجازەوە -واتا لە دەوروپشتی مەککە ومەدینەوە- دەردەچێت، ڕۆشناییەکەی (دەگاتە) ملی وشترەکان لە بوسڕا لە شام، وئاگرێک دەرچوو لە مەدینە لە ساڵی 654 ی کۆچی، ئاگرێکی مەزن بوو لە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی مەدینە لە پشتی (الحرة:ئەلحەرە)ەوە، وزانیاری هەبوو سەبارەتی لە لایەن خەڵکی شامەوە وخەڵکی شوێنەکانی ترەوە، وزانایان باسیان کردووە لە کتێبەکان لە نێوانیان: ئیمامی نەوەوی وقورتوبی وئەبی شامە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11216